## گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران

### هێ ی گەیشتینەوە کودشتان !

کێشتانێکی درەنگی دنیا تەواو ڕووناک بوو ، فڕۆکەکە لارەیەکی چەپ بۆ سەرنشینی کورسیەکانی لای چەپ هەروەها لارەی ڕاست بۆ سەرنشینەکانی لای ڕاستی دەکرد تا هەمووان لەبەرزی یەوە لەپەنجەرە هێلکەییە بچوکەکان بڕواننە شاری هەولێر ، لەدوا خولەکی گەشتە ئاسمانیە ڕاستەوخۆکەدا لەناو تەپ و تۆزی گەرمەسێری ئاسمانی شارەوە پیرەقەرات و خانووەکان ببینن . لەگەڵ چەند پێچێکی نزمبوونەوەدا ڕێڕەوی شەقامەکان باشتر دەردەکەوتن هەرکەسە و دەیویست ئاقاری ماڵی خۆیان ببینێ تەلارەکان بناسێتەوە ! دنیا وا ڕووناکە دەڵێ ی نوێژی نیوەڕۆی ئەوروپایە دەبێ ماسولکەی چاوان گرژکەی تا ڕوون و باش ببینی . لەو هەناو هەڵچونەی خۆشی و هەناسەبڕکەی شەیدایی سەرسورمانە ، خاوبونەوەی هەرچی ماندوێتی ڕێگایە ، شکانی بتی دێوەزمەی غوربەت ، سەهۆڵ بەندان یا توانەوەی گازەندەی هەستەکانە ، هاژەی کاسەی سەر و فرمێسکی نەڕژاوی بەر پێڵوی هەردوو چاوانە . بەنیشتنەوە و لێدانی وردەچەوی شەقامی هەڵفڕ و دافڕی فڕۆکەخانە چەند ساتێکە ئارامی ئاکامی هەموو ئازارەکانە . هێشتا فڕۆکە نەوەستابوو هەندێ لەگەمژە نەدیتکۆکەکان بەرزەپێ بوون ڕێنماییەکانی ئاسایشیان شکاند پێشێلکارانە چەکمەجەی سەرەوەیان دەکردەوە بۆ دەرهێنانی جانتا کۆڵەپشتەکانیان پەلەکاری بێ ڕووەت و مایەی شەرمەزاری بوون کاتێ مێواندارانی فڕۆکەکە تێیان ڕاخوڕین بۆ دانیشتن لەسەر کورسیەکانیان ، ماتیەک کەشی ناو فڕۆکەکەی داکێشا چەند ساتێ بەردەوام بوو لەپڕ کیژۆڵە کوردێکی هەندەرانی کە هەرگیز کوردستانی نەدیبوو تازە سەرتای گڕی پێنجەمین نەورۆزی ژیانی بوو بەدەم چەپڵە لێدانەوە بێ دەنگی شەرمەندەییەکەی شکاند هەموو

سەرنشینەکانی چاوکێش و وریا کردەوە بەهەستی کوردستانیانە ، بەتۆنێکی منداڵانەی فسەزمانەوە هاواری کرد : هێ ی گەیشتینەوە کودوشتان ..

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com